# بەرنامەی لیستی هاوپەیمانیی کوردستان

- پرسە چارەنووسسازەکان

لیستی هاوپەیمانیی کوردستان تێدەکۆشێ لەپێناوی:

یەکەم: داوای خاك، کە بریتییە لە جێبەجێکردنی ماددەی 140 ی دەستووری عێراق و دەبێتە زامن بۆ:

1- سڕینەوەی یەکجاریی پاشماوەکانی بەعەرەبکردن و راگواستن و دەرکردن.

2- گەڕانەوەی ناوچە کوردستانییەکان بە شاری کەرکووکیشەوە بۆ سەر هەرێمی کوردستان، بەشێوەیەکی ئاشتییانە.

دووەم: داوای خاوەندارێتیی سامان، کە بریتییە لە جێبەجێکردنی ماددەکانی (111،112،141) ی دەستوور و دەبێتە زامن بۆ:

1- بەهرەمەندبوونی گەلی کوردستان لە سامان و داهاتە سروشتییەکانی بە نەوتیشەوە.

2- بوژانەوەی ژێرخانی ئابووری کوردستان و بنەمای ئێستا و داهاتووی خۆشگوزەرانی هاوڵاتیان.

سێیەم: داوای شەراکەت لە دەسەڵات و رێکخستنی پەیوەندی نێوان هەرێمی کوردستان و حکومەتی فیدراڵ، کە بریتییە لە درێژەدان بە سیاسەتی تەوافوق و دەبێتە زامن بۆ:

1- پێکەوەژیانی ئاشتییانەی سەرجەم پێکهاتە جیاجیاکانی عێراق.

2- سەرکەوتنی پرۆسەی سیاسی و دامەزراندنی عێراقی دیموکراسی و فرەیی و فیدراڵ.

3- بەهرەمەندبوونی هەموو پێکهاتەکان بە مافەکانی خۆیان .

- ئاسایش

لە بواری ئاسایشدا لیستی هاوپەیمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناوی:

1- دابینکردنی ئاسایشی هەموو هاوڵاتییان و پاراستنیان لە هەر جۆرە هەڕەشە و مەترسییەك بەبێ رەچاوکردنی ناسنامەی نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و مەزهەبییان.

2- بەرفراوانبوونی گیانی تەبایی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی و پێکەوەژیان لەسەر بنەمای رێزگرتن لە جیاوازییەکان.
3- پاراستنی سەروەریی عێراق لەسەر بنەمای رێزگرتن لە سەروەریی وڵاتانی دراوسێ و ئاشتەوایی جیهانیی و دەستوەرنەدان لە کاروباری ناوخۆی یەکتر.
4- دابینکردنی کەرەستە و ئامێری هاوچەرخ و پێشکەوتوو بۆ هێزەکانی پۆلیس و پارێزەرانی ئاسایشی هاوڵاتیان و پێشکەشکردنی هاوکاری پێویست پێیان و مەشقپێکردنی کارمەندانیان.

- ئازادییە بنەڕەتییەکان

لەپێناوی چەسپاندنی ئازادییە بنەڕەتییەکانی هاوڵاتییاندا، لیستی هاوپەیمانیی کوردستان خەبات دەکات لەپێناوی:
1- رێزگرتن لە هەموو بنەماکانی مافی مرۆڤ و هەموو ئەو ئازادییانەی لە بەڵگەنامە نێودەوڵەتییەکان و لەلایەن نەتەوەیەکگرتووەکانەوە پەسەندکراون.
2- هەموو تاك و پێکهاتە و گروپێکی کۆمەڵایەتی ئازادە لە رادەربڕین و سەلماندنی تایبەتمەندییە نەتەوەیی و ئایینی و مەزهەبییەکانی، هەروەها ئازادە لە پەیڕەویکردنی ئازادییەکانی لەسەر بنەمای پاراستن و پێشێلنەکردنی ئازادی و تایبەتمەندیی ئەوانی دیکە.
3- دەستووری هەمیشەیی عێراق ئازادی خۆرێکخستن لە حزبدا یان لە سانديكا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و خۆپیشاندان و مانگرتن لە چوارچێوەی یاسادا بۆ هەموو تاك و گروپێکی مسۆگەر کردووە و حکومەتیش دەبێت لەرێی یاساوە ئەم ماف و ئازادییانە بپارێزێ و رووبەڕووی هەر کار و کردەوەیەك بێتەوە کە ئەم ئازادییانە سنووردار دەکات یان پێشێلیان دەکات .

- خزمەتگوزاریی

یەکەم: خزمەتگوزاریی بنەڕەتیی
1- مافی هەموو هاوڵاتییەکە لە خزمەتەکانی ئاو و ئاوەڕۆ و کارەبا و ڕێگەوبان و تەندروستی و ژینگەیەکی پاکژ بەهرەمەند بێت و ئەرکی حکومەتە ئەمانەیان بۆ دابین بکات.

-2برەودان بە پرۆسەی ئاوەدانکردنەوەی گوندەکان و بایەخدان بە ئاستی ژیان و گوزەران و کارکردن تێیاندا لەپێناوی راگرتنی کۆچ بەرە و شارەکان و دەستپێکردنی کۆچی پێچەوانە و گەڕانەوە بۆ گوندەکان.
-3چارەسەرکردنی کێشەکانی نیشتەجێبوون لەڕێی بایەخدان بە دروستکردنی یەکەکانی نیشتەجێبوون و باڵەخانە و پێدانی سلفەی عقاری درێژخایەن و هاندانی کەرتی تایبەت لەم بوارەدا.

دووەم: تەندروستی
-1پەرپێدانی کەرتی تەندروستی بە دابینکردنی نەخۆشخانەی زیاتر و هاوچەرخانە و هێنانی کەرەستە و ئامێری پێشکەوتوو و راهێنانی پزیشك و کارمەندانی ئەم بوارە بە شێوازە زانستییە نوێیەکان و ناردنیان بۆ دەرەوەی وڵات بۆ بەشداریکردن لە خولە زانستییەکاندا.
-2گەیاندنی خزمەتگوزاریی تەندروستی بۆ هەموو شار و شارۆچکە و گوندەکانی عێراق.
-3کۆنترۆڵکردنی بازاڕی دەرمان و ئامێرەکان لە رووی کوالیتی و ماوەی بەسەرچوونیانەوە.
-4رێگەگرتن لە بازرگانیکردن بە ئەندامەکانی جەستەی مرۆڤەوە و سزادانی ئەنجامدەرانی.
-5دەرکردنی یاسا بۆ رێکخستنی کاری نەخۆشخانە ئەهلییەکان و عیادەی پزیشکان.

سێیەم: پەروەردە و خوێندن
-1پەرەپێدانی بواری پەروەردە و خوێندن لەڕێی بە دیموکراسیکردنی سستمی پەروەردە و پەیوەندی نێوان بەڕێوەبەرایەتی و دەستەی مامۆستایان و قوتابیانەوە.
-2بەرزکردنەوەی ئاستی زانستیی پرۆگرامەکانی خوێندن و دابینکردنی کەرەستە و پێداویستییە هاوچەرخەکان بۆ هەموو قۆناغەکانی خوێندن.
-3کردنەوەی خولی راهێنان بۆ هەموو مامۆستایان و کارمەندانی بواری پەروەردە لە هەموو ئاستەکاندا.

-4کردنەوەی دایەنگا و باخچەی ساوایان و قوتابخانە و پەیمانگا و زانکۆی زیاتر لە هەموو پارێزگاکانی عێراقدا و دابیکردنی مامۆستا و کارمەند و هەموو پێداویستییە زانستییەکان بۆیان.
-5بایەخدانی تایبەت بە خوێندنی باڵا و بەرزکردنەوەی ئاست و ئەمانەتی زانستیی لەم بوارەدا.

• بواری کۆمەڵایەتی

گەشەپێدانی کۆمەڵایەتی بەردی بناغەی گەشەی سیاسی و ئابوورییە، بۆیە لیستی هاوپەیمانیی کوردستانی لە رێی ئەم خاڵانەی خوارەوە لەو پێناوەدا خەبات دەکات :

-1فەراهەمکردنی تەبایی و ئاشتەوایی کۆمەڵایەتی لە رێی پاراستنی تەونی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا و پێگەی کۆمەڵایەتی خێزان و کەمکردنەوەی جیاوازییە کۆمەڵایەتییەکان و دژایەتیکردنی هەموو شێوازەکانی جیاکاریی لەسەر بنەمای نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و مەزهەبی.
-2بایەخدان بە سرووت و بۆنە ئایینییەکان و پەرەپێدانی مزگەوت و پەرستگا و مەزارەکان لەڕووی بینایە و کەرەستە و کەلوپەلەوەو هەموارکردنەوەی ئەوانەیان کە پێویستییان پێیەتی.
-3قەرەبووکردنەوەی ماددی و مانەوی کوردی فەیلیی و ئێزیدی و شەبەك و مەندالییەکان و هەموو ئەو پێکهاتە نەتەوەیی و ئیتنی و ئایینی و مەزهەبییانەی لە سەردەمە جیاجیاکاندا بەهۆی ئینتیما و ناسنامەوە زوڵمیان لێکراوە.
-4دابینکردنی هەموو ئەو بنەما یاسایی و پراکتیکییانەی مافی تورکمان و ئاشووری و کلدان و ئەرمەن لە عێراقدا مسۆگەر دەکەن و حکومەتی فیدراڵ بەرپرسە لە جێبەجێکردنی ئەو ماددە دەستوورییانەی ئەم مافانە دووپات دەکەنەوە .
-5بڵاوکردنەوەی هۆشیاریی (کارکردن) و دابینکردنی هەلی کار بۆ هەمووان و هاندانی کەرتی تایبەت لەم بوارەدا لەپێناوی نەهێشتنی بێکاری.
-6بایەخدان بە گوزەرانی کەمئەندامان و خاوەن پێداویستییە تایبەتەکان و رەخساندنی دەرفەتی کارکردن بۆیان و سوودوەرگرتن لە بەهرەکانیان.
-7بایەخدان بە بەساڵاچووان و دابینکردنی دەستەبەری کۆمەڵایەتی و شوێنی حەوانەوە بۆیان و گرنگیدان بە تەندروستییان و پاراستنی کەرامەتی مرۆڤانەیان.

8-دابینکردنی دەستەبەریی (تەندروستی، رووداو، پیروپەککەوتەیی، دووگیانیی و بێ نەوایی و بێ سەرپەرشتیاریی(
9-دابینکردنی بیمەی بێکاری بۆ تازەدەرچووانی زانکۆ و پەیمانگاکان و ئەوانەی لەسەر کار لادەبرێن تا ئەو کاتەی کاریان دەستدەکەوێ.
10-بایەخدان بە سانديكا کرێکاریی و پیشەیی و جەماوەرییەکان و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی و مسۆگەرکردنی ئازادی و سەربەخۆییان بۆئەوەی بەڕاستی ببنە رایەڵی پەیوەندی نێوان حکومەت و کۆمەڵگا.
11-بایەخدانی زیاتر بە ئافرەتان و مافەکانیان لەڕێی رەخساندنی دەرفەتی زیاتر بۆ کار و چالاکییە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئابووری و کلتوورییەکانیان و هەموارکردنی هەموو یاسا و بڕیارانەی زوڵمیان لێدەکەن و لە بەهایان کەمدەکەنەوە .
12-بایەخدان بەلاوان و ئارەزوو و بەهرەکانیان و سوودوەرگرتن لە تواناکانیان لە بوارە جیاجیاکاندا و رەخساندنی زەمینەی لەبارتر بۆ بەشداری سیاسی و گەیشتنیان بە پێگەکانی بڕیاری سیاسی لە پەرلەمان و حکومەت و دامەزراوە جۆراوجۆرەکان و سانديكا و رێکخراوەکانی کۆمەڵگای مەدەنی.
13-بایەخدان بە وەرزش و وەرزشکاران لەڕێی دابینکردنی کۆمەك و هاوکاری بۆ هەموو تیپ و چالاکییە وەرزشییەکان و کردنەوەی یاریگای هاوچەرخ لە مەڵبەندی پارێزگاکان و یاریگا میللییەکان لە گەڕەك و شارۆچکە و گوندەکاندا و رێکخستنی گەشت و پێشبڕکێی وەرزشی لەسەر ئاستی پارێزگاکانی عێراق و لەگەڵ دەرەوەی عێراقدا.
14-بایەخدان بە تایبەتمەندیی وەرزشیی هەرێمی کوردستان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی و ئاسیایی و ناوچەکە.
15-بایەخدان بە کولتوور و رۆشنبیران و ئەدەب و هونەر و هونەرمەندان و رێزگرتن لە تایبەتمەندییە نەتەوەیی و ئیتنییەکان و هاوکاریکردنی ئەفراندن و داهێنان و بایەخدان بە پیشەسازی سینەما و دابینکردنی پێداویستییەکانی.
16-پاراستنی شوێنەوار و ئاسەوارە دێرینەکانی عێراق و کارکردن بۆ گەڕاندنەوەی ئەوەی دزراوە.

- ئابووری و گەشەپێدان

له پێناوی ئابوورییەکی بوژاوەی دەوڵەمەند کە لە خزمەتی خۆشگوزەرانی و پێشکەوتنی کۆمەڵایەتیدا بێت و لەسەر بنەمای گەشەپێدانیی بەردەوام پێشبکەوێ، لیستی هاوپەیمانیی کوردستانیی خەبات دەکات لەپێناوی:

یەکەم: مەسەلە بنەڕەتییەکان

-1بایەخدان بە بیناکردنی ژێرخانی ئابووری وڵات لەڕێی هاندانی بوارە جیاجیاکانی بەرهەمهێنان و کشتوکاڵ و گەشتوگوزار و پەرەپێدانی کەرتی نەوت و گاز بەو ئاڕاستەیە کە چیتر ئابووری عێراق تەنیا پشت بە نەوت نەبەستێ.

-2پشتیوانیکردن لە بنەماکانی ئابوورییەکی ئازاد کە تێیدا دەوڵەت بەپێی یاسا ڕێکخەری کێبڕکێکان بێ و بەقازانجی زۆرینەی خەڵکیشدا دەخالەت بکات و لەڕێی پلاندانانەوە ڕۆڵی لە داڕشتنی ئاڕاستەکانی گەشەپێداندا هەبێ.

-3پێدانی ڕۆڵی زیاتر بە کەرتی تایبەت و سوودوەرگرتن لە توانا و سەرمایەکانی.

-4پشتگیریکردنی سەرمایەی نیشتمانیی و پاراستنی بەرانبەر سەرمایەی بیانی و کێشە جیهانییەکان و لەپێناوی کەمکردنەوەی دیاردەی هەڵاوسان.

-5بەرزکردنەوەی نرخی دیناری عێراق بەرانبەر نرخی دۆلار و دراوە بیانییەکان.

-6جەختکردن لەسەر دەرچوواندنی (یاسای پاراستنی بەکاربەر ـ قانون حماية المستهلك.(

-6هاندانی هەموو جۆرەکانی پیشەسازی نیشتمانی و بەپێی هەموو ئاستەکانی لە پیشەسازی گەورە و مامناوەندی و پڕۆژە بچووکەکان و پیشەسازی تەواوکاری و پیشەسازیی کۆکردنەوە و هاوکاریکردنیان و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی بۆیان و ڕێکخستنیان بەپێی یاسا.

-7پەرەپێدانی سستمی بانك و چالاككردنیان تا جێی متمانەی هاوڵاتییان و پیشەوەران و جووتیاران و بازرگان و سەرمایەگوزاران بن و لە کارەکانیاندا ئاسانکاریی و پشتیوانیان بۆ بکات.

دووەم: کشتوکاڵ

1-بایەخدان بە کەرتی کشتوکاڵ لەڕێی دروستکردنی پڕۆژەی ستراتیژی و ئاودێریی و ئاوەداکردنەوەی گوندەکان و گەیاندنی خزمەتگوزارییەکان بۆیان و پێدانی سلفە بۆ بەرهەمهێنان و ئاژەڵداری و بەخێوکردنی پەلەوەر و ماسی.
2-دابینکردنی تۆ و پەین و شەتڵی باش و کەرەستە و ئامێری هاوچەرخ بۆ جوتیاریی و ئاژەڵداری و دروستکردنی ناوەندەکانی هەڵگرتن و عەمبارکردنی بەرووبوومی خۆماڵی.
3-چارەسەرکردنی کێشەکانی جووتیاران و خاوەن بەرووبوومەکانی ناوخۆ و پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان بەپێی یاسا.
4-بایەخدان بە ئاسایشی خۆراك (الأمن الغذائي) لە رێی کۆنترۆڵکردنی جۆری ئەو خۆراکانەی دێنە وڵاتەوە، هەروەها سنووردانان لە بەردەم هاوردەکردنی ئەو بەرووبوومە کشتوکاڵییانەی لە ناوخۆدا بەرهەمدەهێنرێن و کارکردن بۆ بەرزکردنەوەی چۆنییەتییان تا بتوانن کێبڕکێ لەگەڵ بەرهەمە بیانییەکان بکەن.
5-بایەخدان بە پیشەسازیی لە قووتووکردنی بەرهەمە کشتوکاڵییەکان و ئەو بەرووبوومانەی دەچنە بواری پیشەسازییەوە وەك تەماتە و خورما و زەیتوون و گوڵەبەڕۆژە و گەنمەشامی و توتن و...هتد

سێیەم: بواری دەریایی
1-پاراستنی سامانی دەریایی و بایەخدان بە بەخێوکردنی ماسی و پیشەسازیی لەقوتووکردنی .
2-پەرەپێدانی بەندەرەکان و دابینکردنی کەرەستە و ئامێری هاوچەرخ بۆ عەمبارکردنی هاوردە و هەناردەکان و گواستنەوەیان.

چوارەم: گەشتوگوزار
1-بایەخدان بە کەرتی گەشتوگوزار و دانانی یاسایەك بۆ رێکخستن و پەرەپێدانی ئەم بوارە بەو جۆرە کە هانی گەشتوگوزاریی چوار وەرزەی ساڵ بدرێ، بەتایبەتی لە هەرێمی کوردستان و ئەو پارێزگایانەی شوێن و مەزارە پیرۆزەکان و شوێنەوارە دێرینەکانیان تێدایە.
2-هاندانی سەرمایەگوزاریی ناوخۆ و پێشکەشکردنی ئاسانکاریی و پێدانی سلفە بەو کۆمپانیا و هاوڵاتییە عێراقییانەی پڕۆژەی گەشتیاریی دەکەنەوە، هەروەها هانی سەرمایەگوزاریی دەرەوە بدرێ و بەشداری پێبکرێ.

پێنجەم: نەوت و سامانە سروشتییەکان

1- سامانی سروشتی و نەوت و گاز و کەرەستە خاوەکانی ژێر زەوی و سەرزەوی سامانی گەلی عێراقە و پێویستە داهاتیان لە گەشەپێدانی پارێزگاکاندا بەیەکسانی بەکاربهێنرێن و رێژەیەك لە داهاتی نەوت بۆ هاوڵاتییان تەرخان بکرێ و بە یاسا رێکبخرێ.

2- پەسەندکردنی یاسای نەوت و گاز لەلایەن پەرلەمانی عێراقەوە.

3- بایەخدان بە پێشەسازی نەوت (دۆزینەوە و دەرهێنان وپاڵاوتن و ناردنەدەرەوە) و بەکارهێنانی لە بوارەکانی دیکەی بەرهەمهێناندا.

بواری ئاو

ئاو یەکێکە لە کێشە سەرەکییەکانی جیهان و لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەم بوارەدا کار دەکات لەپێناوی:

1- پاراستنی بەشە ئاوی عێراق لە دیجلە و فورات و کەنداو و هەموو ئەو زێ و رووبارانەی لە سنووری وڵاتانی دراوسێوە دێنە ناو خاکی عێراقەوە.

2- دروستکردنی بەنداوی گەورە و بچووك لە ناوچە جیاجیاکانی عێراقدا.

3- بایەخدان بە ئاوی ژێرزەوی و بەکارهێنانی بە شێوەیەکی زانستی و بوژانەوەی هەموو ئەو بیر و سەرچاوانەی رژێمی رووخاو کوێری کردبوونەوە.

بواری ژینگە

ژینگەی جیهان رووبەڕووە لەگەڵ هەڕەشەی پیسبووندا و عێراقیش لەم هەڕەشەیە بێبەش نییە، بۆیە لیستی هاوپەیمانیی کوردستان لەم بوارەدا کار دەکات لەپێناوی:

1- عێراق پابەندبکرێ بە رێککەوتننامە نێودەوڵەتییەکانی پاراستنی ژینگەوە و یاسایەك دەربکرێ رێ لە پیسبوونی ژینگە بگرێ.

2- پاککردنەوەی عێراق لە مین و ئاسەوارەکانی چەکی کیمیایی و بایۆلۆجی و هەموو مادده زیانبەخشەکان و دانانی پاڵاوگەی پێویست بۆ پاککردنەوەی ئاو و ئاوەڕۆکان.

3- هەموو چالاکییەکی بیناسازی و پیشەسازی و پیشەوەریی پابەندبکرێن بە بنەماکانی پاراستنی ژینگەوە.

4-بایەخدان بە بەرنامەی سەوزکردنی شارو شارۆچکەکان.

چاکسازیی ئیداریی
1-هەوڵدان بۆ نەهێشتنی دیاردەی گەندەڵی کە هەموو پەیکەری حکومەتی عێراقی گرتۆتەوە.
2-نەهێشتنی رۆتین لە دامەزراوەکانی حکومەتدا و پەیڕەوکردنی سستمی یەك پەنجەرە بۆ راییکردنی مامەڵەی هاوڵاتییان و سوودوەرگرتن لە تەکنەلۆژیای کۆمپیوتەر و تۆڕی ئەنتەرنێت لەم بوارەدا.
3-بنبڕکردنی بەرتیلخۆری و دیاردەی مەحسوبیەت و (محاصصة) ی مەزهەبی و ئیتنی و ناوچەگەریی و واستەکاریی لە دامودەزگا حکومییەکاندا و پرینسیپی (کەسی شیاو لە شوێنی شیاو) جێیان بگرێتەوە.
4-ئەنجوومەنی خزمەتگوزاریی شارستانیی کارا بکرێ.
5-بە رێگەی سولفە و هاوکاری جۆراوجۆر کە بە یاسا رێکخرابن، ئاستی ژیان و گوزەرانی کارمەندانی دەوڵەت بەرزبکرێتەوە و ئەو یاسا و رێنومایییانەی مۆڵەت و ماوەکانی پشوو گەشت و خۆشگوزەرانیان رێکدەخەن بەو جۆرە هەموار بکرێن کە لەگەڵ شێوازی هاوچەرخانەی ژیاندا بگونجێن.
6-یەکەی نیشتەجێبوونی تایبەت بە کارمەندانی دەوڵەت دروستبکرێن و بە قستی درێژخایەن پێیان بفرۆشرێ، بۆئەوەی چیتر کارمەندی دەوڵەت کرێچی نەبێ تا ئەو کاتە بە یاسا مافی کرێچی بپارێزرێ.
7-سستمی گرتووخانە و چاکسازییەکان و بەڕێوەبەرایەتی خەستەخانەکان و دامودەزگا حکومییەکانی دیکە بەوجۆرە هەموار بکرێن کە زیاتر لە خزمەتی هاوڵاتییاندا بن.